www.kurdistannet.org
27-6-2006 20:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Geli Kurd
ÇAK
contact@chak.info

لە یادی 19 ساڵەی کارەساتی کیمیاباڕانکردنی شاری سەردەشت ڕژێمی ئێرانی تاوانێکی دیکەیان بەرامبەر بە خەڵکی قارەمانی سەردەشت ئەنجامدا

کاتژمێر 4 ی ئێوارەی بەروارى 28-6-1987، بۆیەکەمجار شارێک لە کوردستان لە لایەن چەند فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقییەوە کیمیاباران کرا، لە ئاکامدا سەدان کەس بوونە قوربانی و زیاتر لە 8000 مرۆڤیش بریندار بوو، مەخابن بەشی زۆری بریندارەکان بەهۆی گرنگینەدانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێیان، لە دوایدا گیانیان لە دەست دا.

بەهۆی پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئەنراتەوە، ئەمڕۆ کیمیاباڕانکردنی شاری سەردەشت بە دۆکۆمێنتکراوەو لە ئاستی جیهانیشدا ناسراوە، تاوانباڕانی ڕاستەوخۆی ئەم بکەرە درندانەیەش ئێستا لەناو قەفەسی دادگاییکردندان، بەڵام مخابن ئەوەی نەخراوەتە دەستووری بەرنامەی دادگاوە، دادگاییکردنی تاوانبارانە بە تاوانی کیمیاباڕانکردنی شار و گوندەکانی سەردەشت، ڕەشە هەرمێ، ئالۆوەتان، زەردە و شنۆ و....

ئێمە لە کاتێکدا داوای قەرەبوو کردنەوە بۆ قوربانیان دەکەین لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە، هاوکات داواکارین سەدام و دارودەستەکەی لە پاڵ ئەو تاوانانەش کە بەرامبەر بە خەڵکی سڤیلی ئەو شار و شارۆچکانە ئەنجامیان داوە دادگاییبکرێن و دۆسییەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی کارەساتی کیمیاباڕانکردنی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێ دەکەینەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرژەوەندی خۆی دەیەوێت گرنگی پێ بدات و نوێنەری سەرۆک کۆمار بڕارە بچێت بۆ ئەم شارە، لە لایەکی دیکەوە ڕژێم بەردەوامە لە ئەنجامدانی سەرکووت و تاوان بەرامبەر بە خەڵکی شاری سەردەشت، دوێنی شەممە24-6-2006 کاتژمێر 6 ی سەرلەبەیانی لە شاری ورمێ سەلاح محەممەدی خەڵکی ئەم شارە تێکۆشەرەی لە سێدارە داوە بە تاوانی کوشتنی ئەفسەرێکی ئاسایش، ناوبراو لەگەڵ هەر یەکە عەزیز خەڵکانی و مەسعوود شۆکە لە ساڵی 1996 دوە دەستگیرکراون و مەحکوم بە ئیعدام کراون، ئەمەش قوربانییەکی دیکەی شارە بۆ سەردانی نوێنەرایەتی ئەحمەد نەژاد بۆ سەردەشت.

لە کاتێکدا ئێمە ئەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە خەڵکی شاری سەردەشت لە ئیعدام کردنی ڕۆڵەکانی بە تونڈی شەرمەزار و پرۆتستۆ دەکەین، داواکارین ئەمساڵ هەموو پێکەوە لە پشت داخوازەکانی خەڵکی شاری سەردەشت و هەموو قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوەستین بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و قورەبوکردنەوەی قوربانیان و ئاشکرا کردنی چارەنووسی بێسەروشوێنکراوەکانیان.

ناوەندی چاک
2007-6-25